Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.Conf -201903

# رۆڵی خێزان لە پێگەیاندنی منداڵ لە مامەڵەکردن لەگەڵ تەکنۆلۆژیادا

# لەژێر رۆشنایی مەقاسیدی شەریعەت

شکار حمەاغا قادر

کۆلێجی المعارف الوحي والعلوم الإنسانية،

زانکۆی ئیسلامی نێودەوڵەتی لە مالیزیا، کوالالمپور

عارف علی عارف

کۆلێجی المعارف الوحي والعلوم الإنسانية،

زانکۆی ئیسلامی نێودەوڵەتی لە مالیزیا،کوالالمپور

**پوختە:**

لە ئێستادا تەکنۆلۆژیای سەردەم پانتاییەکی گەورە لە ژیانی منداڵان پێکدەهێنێت، بەجۆرێک بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی رۆژانەیان، ئەم توێژینەوەیە دەرخەری رۆڵی خێزانە لە پێگەیاندنی نەوەیەکی وشیار و شارەزا لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم تەکنۆلۆژیایەدا بەرێگایەکی دروست، بەشێوەیەک زۆرترین سوودی لێوەربگرن، و کەمترین زیانیان بەربکەوێت، لەژێر رۆشنایی ئامانجە باڵاکانی شەریعەتی ئیسلامیدا.

توێژینەوەکە لە دوو تەوەری سەرەکی پێکهاتووە:

لە تەوەری یەکەمدا: تیشک خراوەتە سەر روونکردنەوەی زاراوەکان، و باس لە بونیادنانی خێزانێکی وشیار کراوە، لەگەڵ خستنەڕووی داتاکانی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت، هاوکات قەبارەی زیانەکانی روونکراوەتەوە، و باس لە تەکنۆلۆژیا کراوە لەڕوانگەی مەقاسیدی شەریعەتەوە.

لە تەوەری دووەمدا: ناوەڕۆکی توێژینەوەکە گەنگەشە کراوە لەڕوانگەی مەقاسیدی شەریعەتەوە، کە بریتیە لە رۆڵەکانی خێزان لە: رێکخستنی کات، و پێگەیاندن و پاراستنی تەندروستی منداڵ، لەگەڵ پڕکردنەوەی بۆشاییە هزری و سۆزداری و کۆمەڵایەتیەکانی، دواتر باسی پێگەیاندن و چاودێری کردنی لەسەر بەکارهێنانی ئامێرەکانی تەکنۆلۆژیا کراوە.

لەکۆتاییدا چەند راسپاردەیەکی گرنگ خراونەتەروو.

***Article Info***

Received: May , 2019

Accepted: October , 2019

Published : May, 2022

***Keywords***

**خێزان ، منداڵ ، تەکنۆلۆژیا ، مەقاسیدی شەریعەت**

***Corresponding Author***

shkar.halabjaey@gmail.com

arif.ali@iium.edu.my

## پێشەکی:

منداڵ ئەو توێژەیە بەردەوام جێگەی بایەخ و گرنگیپێدان بووە، وەك مەشخەڵی داهاتووی وڵات لێی روانراوە، یەکەمین وێستگەیەك ئەم توێژە گرنگەی کۆمەڵ پێیدا تێدەپەڕێت بریتیە لە خێزان، خێزان باشترین دەستپێکە بۆ پێگەیاندنی منداڵ بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی بەهێز و وشیار.

ئەو بەرەوپێش چوونە خێرایەی لە بواری تەکنۆلۆژیا لە سەدەی رابردوودا ڕوویدا بێ وێنەبوو، بێگومان لەم سەدەیەدا زۆر خێراتر بەرەو پێشەوە دەڕوا، و گۆڕانکاری زۆر بەسەر کۆمەڵگاکاندا دێنێت، وەک ئاشکرایە لە پاڵ سوودە بێ هەژمارەکەی بۆ مرۆڤایەتی کۆمەڵێک زیانی لاوەکییشی هەیە، بەتایبەتی لەسەر منداڵان؛ چونکە هەر لەسەرەتای ژیانیانەوە تێکەڵ بەو جیهانە دەبن، بەداخەوە ئەوەی بەدیدەکرێت لە هەرێمی کوردستان؛ خێزان نەیتوانیوە رۆڵی کاریگەری هەبێت لە پێگەیاندنی منداڵدا لە شێوازی مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ تەکنۆلۆژیای سەردەمدا، بۆیە دەبینین توشی چەندین کێشە و گرفتی تەندروستی و دەروونی و رەوشتی و پەروەردەیی بوون.

ئەم لێکۆڵینەوەیە باس لە رۆڵ و گرنگی خێزان دەکات وەک یەکەم وێستگەی ژیانی منداڵ لە پێگەیاندنیدا لە جیهانی ژمارەیی (تەکنۆلۆژیا)، بەتایبەتی ئامێرە زیرەکەکان، لە روانگەی مەبەستەکانی شەریعەتی ئیسلامیەوە، ئەمەش دەبێتە دەروازەیەک بۆ کەم کردنەوەی کێشە خێزانیەکانی نێو خێزانی کوردی، و پێگەیشتنی نەوەیەکی تێگەیشتوو و وشیار.

## تەوەری یەکەم: ناساندنی زاراوەکان و بونیادنانی خێزانێکی وشیار

### باسی یەکەم: ناساندی زاراوەکان

یەکەم: خێزان: چەمکی خێزان بە چەندین دەربڕین و شێوازی جیاواز ناسێنراوە، لەوانە: "ئەو کۆمەڵە کۆمەڵایەتیە رێکخراوەیە کە لە پیاو و ژن - پەیمانی هاوسەرگیری دانپێدانراویان لە نێواندا هەیە- و منداڵەکانیان پێکدێت"[١]، خێزان بە قوتابخانەی یەکەم دادەنرێت بۆ پڕکردنەوەی پێویستیەکانی منداڵ، و وەرگرتنی شارەزایی و بەها بەرزەکان و رۆشنبیری گشتی، هەرچەندە چەندین دامەزراوە سەرهەڵداوە کە هاوبەشی دەکەن لەگەڵ خێزان بۆ فێرکردن و پەروەردەکردنی منداڵ، لەگەڵ ئەوەشدا وەک یەکەمین و گرینگترین دامەزراوە دەمێنێتەوە لە ژیانی کۆمەڵایەتی منداڵدا، کاریگەریەکانی بەئاشکرا دەردەکەوێت لە پێنج ساڵی سەرەتا؛ چونکە لەو پێنج ساڵەدا کەسایەتی منداڵ دروست دەبێت[٢].

دووەم: منداڵ: بەو مرۆڤە دەگوترێت لە سەرەتای لەدایک بوونی تا کاتی پێگەیشتنی، و ئەم ماوەیەش کراوە بە سێ قۆناغەوە؛ یەکەم: منداڵی سەرەتا لە تەمەنی ٢ ساڵی تا ٦ ساڵی. دووەم: منداڵی ناوەڕاست لە تەمەنی ٦ ساڵی تا ١٠ ساڵی. سێیەم: منداڵی کۆتا لە تەمەنی ١٠ ساڵی تا ١٢ ساڵی[٣]، بەهەمان شێوە لە ئایینی ئیسلامدا بە پێگەیشتنی (البلوغ) لە قۆناغی منداڵی دەردەچێت کەلە نزیک تەمەنی ١٢ ساڵی دایە، بەڵام بەپێی رێکەوتن نامەی نەتەوە یەکگرتووەکان کەلە ساڵی ١٩٨٩ دەرچووە بۆ مافەکانی منداڵ، لە بەندی یەکەمدا ئاماژە بەوەدەکات بەوانە دەگوترێت منداڵ کە تەمەنیان لە خواروو ١٨ ساڵەوە بێت[٤]، و کاتی منداڵی یان قۆناغی منداڵی ئەو کاتەیە کەوا دایک و باوک بنچینەن لە هەبوونی منداڵەکانیان، و پێگەیاندنیان لەرووی ئەقڵی و لاشەیی و تەندروستی، هەروەها قۆناغی منداڵی لە مرۆڤدا بە درێژترین قۆناغی منداڵی دادەنرێت لە نێو زیندەوەرەکان کە ١٢ یان ١٨ ساڵ دەخایەنێت.

سێیەم: تەکنۆلۆژیا(Technology): "بریتیە لە بەکارخستنی زانست، بەتایبەتی بۆ بابەتەکانی پیشەسازی و بازرگانی"[٥]، یاخود "بریتیە لە بەکارهێنانی زانیاری زانستی بۆ پەرەپێدانی مەکینەکان و تەکنیکیەکان لە کەرتی پیشەسازی"[٦]. لە ئێستادا تەکنۆلۆژیا سەرچاوەی زانیاریەکانە، و لە چەندین بواردا پەرەی پێدەدرێت لەوانە: زانیاری و پەیوەندیەکان، کارکردن، گەیاندن، فێرکردن، و پیشەسازیی، بەڵام ئەو بوارەی لەم توێژینەوەیەدا مەبەستە بریتیە لە تەکنۆلۆژیای زانیاری و پەیوەندیەکان، کە تەواوی ئەو رێگا و بنچینە و هەنگاوانە دەگرێتەوە لە کاتی پەیوەندی و بڵاوکردنەوەی زانیاریەکان، و لە ئێستادا دیارترینیان موبایل و کۆمپیوتەرە لە رووی بەکارهێنانەوە، چونکە تێکەڵ بە زۆربەی کایەکانی ژیان بوون.

چوارەم: مەبەستەکانی شەریعەت (مقاصد الشريعة): "بریتیە لەو ئامانج و مەبەستانەی کەوا شەریعەتی لە پێناودا دانراوە بۆ بەدەست هێنانیان لەبەر بەرژەوەندی بەندەکان"[٧]. یاخود بریبتیە لەو ئامانج و مەبەستە باڵایانەی حوکمە شەرعیەکانی لەسەر بنیاتنراوە. لە دوای خوێندنەوەیەکی تەواو بۆ تەواوی دەقە شەرعیەکان زانایان گەیشتوون بەو ئەنجامەی؛ مەبەستی سەرەکی حوکمە شەرعیەکان بریتیە لە

هێنانی خێروخۆشی بۆ مرۆڤەکان و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیان و دورخستنەوەی خراپەیە لێیان لە دنیاو ئاخیرەتدا[٨]. تێڕوانینی مەقاسیدی بۆ بابەتە کۆمەڵایەتی و سەردەمیەکان لە ئاستی روونکردنەوەی حوکمی شەرعی راناوەستێت، بەڵکو تێڕوانینێکی دوورترمان پێدەبەخشێت بۆ تەواوی پرسەکان، و لە مەودایەکی بەرفراوانتر و چاوی داهاتوو دەڕوانێت بۆیان، ئەمەش دەمانگەیەنێت بە ئامانجە باڵاکانی شەریعەتی ئیسلام، هەر بۆیەش ئەم دیدگایە هەڵبژێردراوە بۆ تاوتوێ کردنی ئەم بابەتە.

**باسی دووەم: بونیادنانی خێزانێکی وشیار**

لە کاتێکدا کە خێزان پێکهێنەر و گرینگترین پایەی بونیادنانی کۆمەڵگابێت؛ بێگومان ئاستی وشیاری و رۆشنبیری خێزانەکانی ناو هەر کۆمەڵگایەک کاریگەری راستەوخۆیان دەبێت لەسەر تەواوی پرسە نوێیەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایە، و کاتێک باسی رۆڵی خێزان دەکرێت لە پرۆسەی پەروەردەکردنی منداڵ لە هەر روانگەیەکەوەبێت راستەوخۆ چاوەکان دەڕواننە دایک بە پلەی یەکەم، و باوک بە پلەی دووەم. بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە پێویستە چەند سیفەتێک لە دوو بنچینەکەی خێزاندا هەبێت کە باوانە، لەوانە:

## ١-تێگەیشتووی بە داهاتوو.

## ٢-توانای هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی.

زانراوە ئەم دوو سیفەتە لە کەسێک بۆ کەسێکی تر جیاوازە بە هۆی هەندێک کارتێکەر لەوانە: ئاستی خوێندەواری و رۆشنبیری، باری کۆمەڵایەتی و دەروونی، و ئاستی تەمەن[٩].

بەدڵنیایەوە پرۆسەی بونیادنانی خێزانێکی وشیار بۆ پێگەیاندنی منداڵ لە مامەڵەکردن لەگەڵ تەکنۆلۆژیادا وەک تەواوی پرۆسە گرنگەکانی ژیان لە کوردستان کۆمەڵێک ئاستەنگی لە پێشە بۆ سەرکەوتنی کە پێویست دەکات چارەسەر بکرێت، بۆ نموونە:

کەم شارەزایی باوان: ئەو بەرەوپێش چوونە خێرایەی کە روویدا لە تەکنۆلۆژیای سەردەم لە بواری پەیوەندی و گواستنەوەی زانیاریەکان، و سەرهەڵدانی چەندین ئامێری زیرەکی پەیوەستکراو بە ئینتەرنێتەوە لە ماوەی کەمتر لە ٢٠ ساڵی رابردوو، و بەردەست بوونیان لە کوردستان لە کەمترین ماوەدا، ئەمە بووە هۆی ئەوەی باوان کەمترین تێکەڵبوونیان هەبێت لەگەڵ تەکنۆلۆژیای سەردەم؛ بەهۆی لاوازی ئاستی خوێندەواری بەشێکیان، و هەندێکیان بەهۆی زۆری تەمەنیان، و ئەوانی تر بەهۆی کەمی پێویستیان بۆی. لەبەرامبەردا منداڵان هەر لە سەرەتایی تەمەنیانەوە ئاوێتەی ئەو جیهانە بوون بەبێ ئامادەکاری پێشوەخت لەلایەن باوانەوە، لە راستیدا بەشێکی زۆر لە باوان وەک میوان وان لە گۆڕەپانی تەکنۆلۆژیادا، منداڵان خاوەن ماڵن[١٠].

بەکارهێنانی رێگا تەقلیدیەکان: ئەوەی لەمڕۆدا هەستی پێدەکرێت شڵەژانێکی زۆر هەیە لە ئاستی خێزان و کۆمەڵگە لە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ شارستانێتی نوێی نێردراو کەلە هەموو لایەکەوە دادەبارێت بەسەر کۆمەڵگادا، کێشەکە سنووری شڵەژانی تێپەڕاندوە بۆ ناڵاندن بەدەست ئەو گۆڕانکاریە خێرایانەی کە بەسەر کلتووردا دێت[١١]. یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی دەگەڕێتەوە بۆ بەکارنەهێنانی رێگا نوێیەکانی پەروەردەکردنی سەردەم، هەر بۆیەش زۆرجار منداڵان لەرێنمایی باوان دەردەچن؛ چونکە لەگەڵ ژیانی نێو تەکنۆلۆژیای سەردەم ناگونجێت.

"دایکان و باوکان تەنها بەوەی کە خۆیان بینیویانە لەو ژینگەیەی تێییدا گەورە بوون، ناتوانن پەروەردەیەکی باشی منداڵەکانیان بکەن، و ناچارن لەم بابەتەدا زۆر بخوێننەوە و بگەڕێن و وریایانە رەفتار بکەن"[١٢].

کەمتەرخەمی لە ئاست بەرپرسیارێتی: لە رۆژگاری ئەمڕۆدا تادێت ئەرک و بەربرسیارێتی باوان زیاتر و قورستر دەبێت لە پرسی پەروەردەکردن بەهۆی ئەو شەپۆلە گۆڕانکاریانەی کە تەکنۆلۆژیا لەگەل خۆیدا هێناویێتی، بەلام لە بەرامبەردا هەست بەکەمتەرخەمییەکی زۆر دەکرێت کە کاریگەریە نەرێنییەکانی لە کۆمەڵگادا سەریهەڵداوە. روونە کە داهاتوویەکی باش لە واقعێکی خراپدا لە دایک نابێت.

## رێگاکانی وشیارکردنەوەی خێزانەکان:

بۆ بابەتێکی وەها هەستیار و گرینگ کە پێویستی هەموو خێزانەکانە، وا دەخوازێت گشت هەوڵەکان بخرێنەکار بۆ پێگەیاندنی خێزانێکی وشیار لە کۆمەڵگادا کەلە توانای دابێت نەوەیەکی تەندروست پەروەردە بکات بۆ هەموو لایەنەکانی ژیان -بەتایبەتی لە بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای سەردەم- بۆ ئەم مەبەستەش چەندین لایەن دەتوانن رۆڵی خۆیان بگێڕن لەوانە:

شارەزایانی بەشی کۆمەڵناسی و مامۆستایانی ئایینی و شارەزایانی بەشی تەکنۆکۆژیا: هەموویان پێکەوە دەتوانن چەندین کۆڕ و سیمینار تایبەت بەوباسەیان هەبێت، هەروەها خولی پێگەیاندنی وەرزیان هەبێت بۆ ئەوانی دەیانەوێت بچنە نێو ژیانی خێزانی، و ئەوانەی خێزانیان پێکهێناوە.

ناوەندەکانی راگەیاندن: بەهۆی کاریگەریە زۆر و بەهێزەکەی لەسەر کۆمەڵگا و خێزان ناونراوە دەسەڵاتی چوارەم، هەر بۆیە دەکرێت رۆڵێکی کاریگەر بگێڕن لەو پرسەدا بە پێشکەش کردنی چەندین بەرنامەی بەسوود.

لایەنی حکومی: هەریەک لە وەزارەتەکانی رۆشنبیری و ئەوقاف و کاروباری کۆمەڵایەتی و گواستنەوە و گەیاندن؛ دەتوانن رۆڵی کارایان هەبێت لە رۆشنبیرکردن و وشیارکردنەوەی خێزانەکان.

## باسی سێیەم: پانتایی تەکنۆلۆژیا لە نێو خێزان

ئەوەی گرینگی ئەم پرسە دەردەخات ئەو پانتاییە بەرفراوانەی تەکنۆلۆژیایە کە بەشێوەیەکی سامناک باڵی کێشاوە بەسەر خێزانەکاندا، بە شێوەیەک زۆربەی هەرە زۆری ماڵەکان ئامێرەکانی تەلەڤزیۆن و سەتەلایت و ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر و یاری ئەلیکترۆنی تێدایە، جگە لەوەی هەموو تاکەکانی ناو خێزانەکە ئامێرێکی زیرەکی تایبەت بەخۆیان هەیە، بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین لە ئێستادا تەکنۆلۆژیا بووە بە بەشێکی گرینگی ژیانی خێزانی.

چەند هۆکارێک وایکردوە پانتایی بەکارهێنانی لەلای منداڵان بەرفراوانتر بێت، لەوانە: لاسایی کردنەوەی گەورەکان، کاتێک منداڵ دایک و باوک و برا و خوشکەکانی دەبینێت بەدرێژایی کات موبایلیان بە دەستەوەیە، ئەی بۆچی ئەویش وانەبێت، ئەمە هەستی گرینگیدانی بە تەکنۆلۆژیا زیاتر دەکات، هەروەها هەبوونی چەندین بەرنامە و یاری و ڤیدۆی تایبەت بەمنداڵان لەلایەک، و راکردن لە بێتاقەتی و کاتی زیادە لەلایەکی ترەوە وای لێدەکات خوی زیاتر بدات بە ئامێرە زیرەکەکان[١٣]، ئەمە جگە لەوەی دایکان زۆر جار خۆیان دەبنە هاندەریان بۆ بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا کاتێکی زیاتر، بەبیانووی سەرقاڵ کردنیان.

دەرکەوتووە ئەوەندەی منداڵ گوێڕاگرە بۆ تەکنۆلۆژیا و زانیاری لێوەردەگرێت، ئەوەندە هۆگری دایک و باوکی نیە، هەروەها رێژەی یەکگرتن و بەریەککەوتن لەگەڵ تەکنۆلۆژیا زۆر زیاترە لەهی دایک و باوکی، چونکە تەواوی کاتەکانی باوان پڕ بوونەتەوە و کاتی پێویستیان بۆ گرینگیدان بە منداڵەکان نەماوە[١٤].

### ژمارە و رێژەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە جیهاندا:

بەپێی نوێترین داتا کەلە مانگی شەشی ٢٠١٩ کراوە ژمارەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە سەرتاسەری جیهان (٤.٣٨٨)ملیار کەسەی تێپەراندوە کە دەکاتە 57%ی دانیشتوان، و رۆژانە یەک ملیۆن بەکارهێنەر زیاد دەبێت، بەپێی هەمان راپۆرت لە عێراقدا ژمارەکە دەگاتە (19.68) ملیۆن کەس کە دەکاتە 49%ی دانیشتوانە. وە ئاماژە بە بەکارهێنەرانی موبایل کراوە کەلە عێراقدا ژمارەکە گەیشتوەتە (٣٨.٢٢) ملیۆن کەس کە دەکاتە ٩٦%ی دانیشتوان[١٥].

### رێژەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە هەرێمی کوردستان:

بەپێی ئەو داتایانەی کەوا وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆی کردوەتەوە لە کۆمپانیاکانی تایبەت بەو بوارە بۆ ساڵی 2019 کە تائێستا بڵاونەکراوەتەوە، رێژەی ئەوانەی کەوا ئینتەرنێت بەکاردەهێنن لە رێگای موبایلەوە گەیشتوەتە (٤.٣) ملیۆن کەس، ئەمەش ئەوە دەردەخات بەشی زۆری دانیشتوان بەکارهێنی ئینتەرنێتن.

## باسی چوارەم: قەبارەی زیانەکانی تەکنۆلۆژیا و تێڕوانینێکی دروست بۆی

تەکنۆلۆژیای سەردەم بەیەکێک لە گرینگترین داهێنراوەکانی مرۆڤ دادەنرێت لەم سەردەمەدا، بەتایبەتی ئینتەرنێت کە جیهانی کردوە بە گوندێکی بچووک، و رۆژانە رێژەیەکی زۆر لە زانیاری و بڵاوکراوەی تێدا ئاڵوگۆر دەکرێت، بێگومان تەکنۆلۆژیاش -هەرچەندە لە بنچینەدا بۆ خزمەتی مرۆڤایەتیە- وەک هەریەک لەکایەکانی تری ژیان هەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنی لە خۆ دەگرێت، هەر بۆیەش پێویستە خێزان رۆڵێکی کاریگەر ببینێت لە پەروەردەکردنی منداڵ لە مامەڵەکردن لەگەڵیدا، چونکە "هیچ منداڵێک نیە کە دەچێتە سەر ئینتەرنێت بەتەواوی سەلامەت بێت لە زیانەکانی بەکارهێنانی، بەڵام لاوازترینیان زیاتر دەناڵێنێت بەدەست زیانەکانی"[١٦].

### قەبارەی زیانەکان:

لە راستیدا قەبارەی زیانەکان پەیوەستە بە ئاستی رۆشنبیری و پەروەردەیی تاکەکانی نێو هەرکۆمەڵگایەک، ئەوەی لە کوردستان هەستی پێدەکرێت ئەو دوو ئاستە لەنێو خێزانەکان لاوازە. هەر بۆیە لەبەر زۆربوونی کێشەکانی یاسای تایبە لەسەر (قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن)[١٧] لە هەرێمی کوردستان دەرچوو، ئەگەر بەکورتی بمانەوێت تیشک بخەینەسەر زیانەکانی تەکنۆلۆژیا لەسەر منداڵ ئەوە لەم سێ لایەنەدا کورتی دەکەینەوە[١٨]:

یەکەم: لایەنی کۆمەڵایەتی: لەکاتێکدا کە منداڵان زۆربەی کاتەکانیان بەدیار ئامێرە زیرەکەکان بەسەر دەبەن، و هەست و هۆشیان بەدرێژایی کات لایەتی، بێگومان تووشی گۆشەگیری دەبن، و حەز بەتێکەڵ بوون ناکەن، هەتا لە کاتی دانیشتنی خێزانی هەریەک لە ئەندامانی خێزان خۆیان سەرقاڵدەکەن بە موبایل یاخود تەماشاکردنی تەلەڤزیۆن، ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوانیان.

دووەم: لایەنی رەوشتی: ئامێری زیرەک کاتێک پەیوەست دەکرێت بە ئەنتەرنیت دەبێتە جیهانێکی بەرفراون، کە تێیدا چەندین ناوەڕۆکی بەدرەوشتی تێدایە کە منداڵ بەئاسانی دەتوانێت بینەربیێت، هەر بۆیە ئەگەر چاودێریەکی ورد و پەروەردەیەکی باش نەبێت زۆر بەخێرایی لایەنی رەوشتی منداڵەکە دادەروخێت.

سێهەم: لایەنی تەندروستی: پرسی خوگرتنی (الإدمان) منداڵان بە ئامێرە زیرەکەکان یەکێکە لە پرسە ترسناکەکان، کەچەندین زیانی هەیە، بەتایبەتی لەسەر تەندروستی، وەک: لاواز بوونی چاو و تێکچوونی لایەنی دەروونی و بەدخۆراکی و گۆشەگیری، و هەندێجار قەڵەوی.

## به ئامانجکردن و نەکردنی خێزانەکان:

زۆرێک لەخێزانەکان دەپرسن؛ ئایە ئەوەی کە دروستکراوە لە ئامێر و ئامرازەکانی پەیوەندیکردن بیروباوەڕ و کلتوریانی کردوەتە ئامانج؟، یاخود ئەمە شتێکە توشیان دەبێت وەک تووشی کەسانی تریش بووە، لە راستیدا ئەوەی دەبیندرێت لە تەکنۆلۆژیا لەسەر ئاستی جیهان دیارترین رووخساری بە جیهانی بوونە (العولمة)، هەرچەندە بەجیهانی بوون -وەک زانراوە- دیاردەیەکی ئابووریە، بەڵام کاتێک لەگەڵ تەکنۆلۆژیا یەکدەگرن رەچاوی کلتوور ناکەن، بۆیە مەرج نیە خێزانەکان بەئامانج کرابن، بەڵام بەدڵنیاییەوە رەچاوی بیروباوەڕ و کلتوریشیان ناکات، هەر بۆیەش پێویستیان بە لایەنی پەروەردەیی هەیە[١٩].

## تەکنۆلۆژیا لەڕوانگەی مەقاسیدی شەریعەت:

گەر بڕوانینە مەقاسیدی قورئانی پیرۆز دەبینین "زۆربەی مەقاسیدەکانی فەرمانکردنە بە بەدەستهێنانی بەرژەوەندی و هۆکارەکانی، و رێگری کردن لە خراپەکاری و هۆکارەکانی"[٢٠].

وەک ئاشکرایە لە بنچینەدا تەکنۆلۆژیا لە ئەنجامی پێویستیەکانی مرۆڤایەتی هاتەبوون و گەشەی پێدرا لە سەدەی رابردوو لە دوای شۆڕشی پیشەسازی، دواتر توانرا پەرەی زیاتری پێبدرێت و ببێتە سەرچاوەیەی ئابووری بەهێز بۆ وڵاتانی پێشکەوتوو[٢١]، لە ئێستادا لە چەندین بواردا خزمەتێکی گەورەی مرۆڤایەتی دەکات و چەندین ئامانجی باڵا وەدەست دەهێنێت، لە هەمان کاتدا بەتەواوی تێکەڵ بە ژیانی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا بووە، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین زیان و کێشەی لاوەکی هەیە ئەگەر بەشێوەیەکی دروست مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت.

لەم روانگەیەوە دەتوانین بڵێی تەکنۆلۆژیا لە بنچینەدا ئامانجی خزمەتکردنە بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، کە ئەمەش بەتەواوی یەکدەگرێتەوە لەگەڵ مەقاسیدی شەریعەت، و ئەو کێشە و زیانانەی کەوا بەهۆی خراپ بەکارهێنانیەوە توشی تاکەکانی کۆمەڵگا دەبێت -بەتایبەتی منداڵ-، واجبێکی شەرعی گەورە دەخاتە ئەستۆی خێزان و لایەنە پەیوەندارەکان؛ کە ئەوەی لەتوانایاندا هەیە بیکەن بۆ کەم کردنەوەی شوێنەوارە نەرێنیەکانی لە دیدگای ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت: (هەمووتان بەرپرسیارن، و هەمووتان پرسیار لێکراون لەسەر بەرپرسیاریەکەتان)[٢٢].

## تەوەری دووەم: رۆڵی خێزان لە پێگەیاندنی منداڵ لە جیهانی تەکنۆلۆژیادا

لەم تەوەرەدا باسی ناوەڕۆکی توێژینەوەکە دەکرێت، کە چەند رۆڵێکی گرینگی خێزان دەگرێتەوە لە ژیانی منداڵدا لەنێو جیهانی تەکنۆلۆژیادا، و لێکدانەوەیەکی مەقاسیدی بۆی:

## باسی یەکەم: رێکخستنی کات

منداڵ هەر لە منداڵیەوە پێویستی بەراهێنانە لەسەر کۆمەڵە عادەتی باش بۆ ئەوەی لەهەموو قۆناغەکانی ژیانی سەرکەوتووبێت، لە گرینگترینیان رێکخستنی کاتەکانێتی لە کاتی تێکەڵبوونی بە دونیای ئایپاد و موبایل و تەلەڤزیۆن پێش چوونی بۆ قوتابخانە و دواتریش، چوونکە رەنگە تێگەیشتن لە گرینگی کاتەکانی بە ئاسانی هەستی پێنەکات، بۆیە وادەخوازێت باوان بەردەوام و ئارامگربن لەگەڵیان، و پەروەردەیان بکەن لەسەر راگرتنی هاوسەنگیی لە نێوان ئەرکەکانیان، بۆ سەر کەوتنی خێزانەکان لەم پرۆسەیە دەتوانن سوود لەم رێنمایانە وەرگرن، بە رەچاوکردنی ئاستی تەمەنی منداڵەکانیان[٢٣]:

یەکەم: کاتژمێرێکی بەدیاری بۆ بکڕە: بۆ ئەوەی لە گرینگی کات تێبگات با بەردەوام کاتژمێرەکەی لابێت، پەروەردەی بکە لەسەر ئەو کاتەی بۆی دانراوە بۆ بەکارهێنانی هەریەک لە ئامێرە زیرەکەکان ، و فێری بکە هەموو شتەکان (وەک: کاتی خەوتن و هەستان، نانخواردن، ئەرکی

قوتابخانە، یاریکردن، چوونە دەرەوە، بەکارهێنانی ئامێرە زیرەکەکان) کاتیان دیاری کراوە، بۆیە پێویست دەکات هەموویان لەکاتی خۆیدا ئەنجام بدرێت.

دووەم: لیستی ئەرکەکان و پێشخستنی گرینگترینیان: بۆ ئەوەی هاوسەنگی کاتەکانی منداڵ رابگیرێت، رۆژانە پێویستی بە لیستی ئەرکەکانی دەبێت، پاشان پۆلێنکردنی بەپێی گرینگ ترینیان، تا بەشێوەیەکی درووست تێکەڵ بە تەکنۆلۆژیا ببێت.

سێیەم: چالاکی جیاواز: هەوڵبدە منداڵەکەت بەشداری چالاکی جیاواز بکات، بەمەش زیاتر پەیوەستی کاتەکانی دەبێت، و کاتی کەمتر دەمێنێتەوە بۆ بەکارهێنانی زیاد لە پێویستی تەکنۆلۆژیا.

چوارەم: ئازادی لە هەڵبژاردن: تووند مەبە لەگەڵی بۆ ئەوەی هەس بە پەستان نەکات لەکاتی بەجێهێنانی ئەرکەکانی، با هەمیشە هەست بەوە بکات کە ئەوە خۆیەتی بەئازادانە لەکاتی خۆیدا بە ئەرکەکانی هەڵدەستێت.

پێنجەم: پەوەردەی هەستێنەکراو (لا شعوري): کردار و هەڵسوکەوتی باوان بەشێوەیەکی هەستپێنەکراو پەروەردەی منداڵەکان دەکات، چونکە منداڵان لە زۆربەی رەفتارەکانیان لاسایی گەورەکان دەکەنەوە، بۆیە کاتێک دەتەوێت کاتی منداڵەکەت رێکبخەیت، پێویست دەکات خۆت پێشتر کاتەکانی خۆتت رێکخستبێت، بۆ ئەوەی ببیتە نمونەی کەسێکی پێشەوا بۆ منداڵەکانت.

## رێکخستنی کات لەژێر رۆشنایی مەبەستەکانی شەریعەت:

لە چەندین ئایەتدا خودای گەورە سوێند بە چەندین کاتی جیاواز دەخوات، ئەمەش نیشاندەری گرینگی کاتە بۆ ژیانی مرۆڤ، و مەقسەدی کات بەرجەستە دەکات بۆ بەدەست هێنانی ئامانجەکانی ژیان.

پێغەمبەر ﷺ لەسەر گرینگی کاتەکانی ژیان، و بەرپرسیارێتی لەسەر دەفەرمووێت: (هەموو کەسێک لە رۆژی دوایی پرسیاری ئەوەی لێدەکرێت کە کاتەکانی تەمەنی لە چیدا سەرفکردوە)[٢٤]، و ئاماژی بە ئەرکی باوان داوە کە (باوان چاودێرن بەسەر خێزانەکەیان، و بەرپرسیارن لەسەری)[٢٥].

لەم روانگەیەوە پێویستە باوان گرنگیەکی تەواو بەرێکخستنی کاتی منداڵەکانیان بدەن تا تەکنۆلۆژیا کاریگەری نەرێنی نەبێت لەسەریان، بۆ ئەوەی مەقاسیدە باڵاکانی شەریعەت جێبەجێ ببێت لە پێگەیاندنی نەوەیەکی وشیار، کە بتوانێت بەشێوەیەکی دروست سوودمەندبێت لە جیهانی تەکنۆلۆژیادا.

"پێویست دەکات لەسەر کەسی موسوڵمان ئەگەر بیەوێت بەرەکەت بکەوێتە نێو تەمەنی خۆیی و خانەوادەکەی ئەوە لەسەر ئەو سیستمی ژیانی رۆژانەیە بڕوات کەلە ئیسلامدایە"[٢٦].

## باسی دووەم: پێگەیاندن و پاراستنی تەندروستی

زیاد لە پێویستی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا گۆڕانکاری ریشەیی بەسەر لاشە و تەندروستی منداڵاندا هێناوە، بە جۆرێک چەند کاتژمێرێک بەسەر دەبات بەدیار یەکێک لە ئامێرە زیرەکەکان بەبێ هیچ جووڵەیەکی لاشەیی، و زیانە تەندروستیەکانی زیاتر دەردەکەوت کاتێک منداڵەکە دەگاتە ئاستی ئاڵودەبوون بوون لەسەری[٢٧].

لە ئێستادا ئەمە یەکێکە لە باسە گەرمەکان بەهۆی دەرکەوتنی چەندین کێشەی تەندروستی وەک: وشکبوون و لاوازبوونی چاو، قەڵەوبوون، گۆشەگیری، مل و پشت ئێشە، لەدەستدانی تەرکیز، درەنگ قسەکردن، و چەندین زیانی دیکە[٢٨].

لەم قۆناغدا خێزان رۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لە پەروەردەکردنی منداڵ لە دووربوون لە زیانی تەندروستی تەکنۆلۆژیا، چونکە منداڵ لە ژێر کاریگەری و فەرمانی خێزاندایە، لە تەواوی قۆناغەکان پێویستی بەچاودێریەکی ورد هەیە لە تێکەڵ بوونی بە تەکنۆلۆژیا.

### چەند رێنماییەک بۆ پەروەردەی تەندروستی:

یەکەم: کاتی بەکارهێنانی ئامێرە زیرەکەکان دیاری بکرێت، چونکە تا کاتژمێری بەکارهێنان و تەماشاکردن کەمتر بێت زیانی تەندروستی کەمتر دەبێت، بەتایبەتی لەشەودا کاتی نوستن بەهیچ شێوەیەک بەکاری نەهێنرێت.

دووەم: شێوازی دانیشتن لەکاتی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا و تەماشاکردنی تەلەڤزیۆن رێکبخرێت، بەشێوەیەک بێت زیانی تەندروستی بۆسەر ئەندامەکانی لاشە نەبێت، و هەولبدرێت کەمترین کات منداڵان موبایل بەکاربهێنن لەبەر بچووکی شاشەکەی کە زیاتر چاو ماندوو دەکات.

سێهەم: زیادکردنی چالاکی لاشەیی جۆراوجۆر بەهاوبەشی پێکردنی ئەندامانی خێزان یاخود هاوڕێکانی، بۆ ئەوەی لە ژینگەی مادیی بێتە دەرەوە بۆ ژینگەی کۆمەڵایەتی، کەتێیدا لاشە و بیروهۆشی کارا دەبێت.

چوارەم: پەوەردەی هەسپێنەکراو (لا شعوري): منداڵان بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەژێر کاریگەری ژینگەی کۆمەڵایەتی دەوروبەری دایە، کاتێک دایک و باوک و خوشک و براکانی دەبینێت بەشێوەیەکی تەندرووست ئامێرە زیرەکەکان بەکاردەهێنن و مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، ئەمە لەخودی خۆیدا بەشێوەیەکی هەسپێنەکراو پەروەردەی ئەو منداڵە دەکات.

**تێڕوانینێکی مەقاسیدی بۆ تەندروستی منداڵ:**

"زۆری ئەو دەقانەی کەلە قوئان و فەرموودەکان هاتوون سەبارەت بە تەندروستی و چارەسەر، نیشاندەری گرینگی ئەو لایەنەیە بۆ ژیانی کەسی موسوڵمان"[٢٩]، و هەر شتێک ببێتە هۆی تێکدانی لایەنی تەندروستی قەدەغەکراوە، ە پێغەمبەریش ﷺ ئاماژەی بەوەداوە کە ( دوو نیعمەت هەیە کە زۆرێک لە خەڵکی سوودمەند نین لێی؛ ئەویش تەندروستی و کاتی بەتاڵە)[٣٠].

ئەم گرینگیە زۆرەی ئیسلام بە پاراستنی تەندروستی بێگومان بە پلەی یەکەم منداڵان دەگرێتەوە، ئەمەش بۆ بەرجەستە کردنی ئامانجە باڵاکانی شەریعەت لە پێگەیشتنی نەوەیەکی تەندروست و لەش ساغ لە نێو کۆمەڵگادا، نەک نەوەیەک لە سەرەتای تەمەنیدا بەدەست نەخۆشیەوە بناڵێنێت.

بێگومان ئەم بەرپرسیارێتیە بەئاستی یەکەم خێزان دەگرێتەوە، چونکە یەکەم وێستگەی ژیانی منداڵە.

## باسی سێیەم: پڕکردنەوەی بۆشایی هزری و ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی منداڵ

منداڵان هەر لەسەرەتای تەمەنیانەوە سێ لایەنی گرینگ گەشە دەکات لەگەڵیان، کە بەشێکی گەورەی داهاتوویان پەیوەست دەبێت پێیەوە؛ ئەویش لایەنی هزری، و ڕەوشتی، و کۆمەڵایەتیە. لە ئێستادا هەر بۆشاییەک دروست ببێت لەو سێلایەنەدا بەهۆی کەمتەرخەمی خێزان؛ ئەوە بەدڵنیاییەوە تەکنۆلۆژیا بۆیانی پڕدەکاتەوە، جا بەشێوەیەکی باشبێت یان خراپ.

**هەستیاری هەریەک لەم سێ لایەنە:**

لایەنی هزری (Ideology)[٣١]: بەهۆی چالاکی زۆر منداڵان لەنێو جیهانی ئەنتەرنێت و پێگە کۆمەڵایەتیەکان لە سەرەتای هەرزەکاری؛ ئاشنادەبن بەچەندین ئایدۆلۆجیای جیاوازی نامۆ، وەک؛ بیری توندڕەوی، و بیری ئیلحادی. ئەمەش کاریگەری نەرێنی راستەوخۆی دەبێت لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی، و بنەما ئاینیەکان. هەروەک چۆن لەم چەند ساڵەی رابردوو بینرا بە سەدان هەرزەکار چوونە ریزی گروپە چەکدار و توندڕەوەکان لە ڕێگای ئەنتەرنێتەوە.

لایەنی ڕەوشتی[٣٢]: ڕەنگە کاریگەریە نەرێنیەکانی تەکنۆلۆژیا لەسەر ڕەوشتی هەرزەکاران لە دیارترینی دیاردە خراپەکانی بێت، چوونکە هەرزەکاران بەبەردەوامی ئامانجی پێگە و گروپە نارەوشتیەکان بوون، ئەمەش رایاندەکێشێتە نێو چەندین کاری نەشیاوی دوور لە ڕەوشتی کۆمەڵگا.

لایەنی کۆمەڵایەتی[٣٣]: لەکاتی دروستبوونی هەر کەلێنێکی کۆمەڵایەتی لەلای منداڵ و هەرزەکاران؛ ئەوە بەدڵنیایەوە بەجیهانی بوونی کۆمەڵایەتی (العولمة الاجتماعية) بۆیانی پڕدەکاتەوە، کەلە ترسناکترینی جۆرەکانی بەجیهانی بوونە، چونکە کەسەکان بەئارەزوی خۆیان دەچنە ناویەوە، بەبێ هەست پێکرندن کاریان تێدەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین دیاردەی نامۆی کۆمەڵایەتی.

## ڕۆڵی خێزان لە پڕکردنەوەی ئەم سێ لایەنەدا:

یەکەم: بەهێزکردنی پەیوەندی خێزانی[٣٤]: تا زیاتر باوان لە نەوەکانیان نزیکتربن، و بەشی پێویست لە خۆشەویستی و گرینگی پێدان ببەخشن بەنەوەکانیان، پەیوەندی نێوانیان بەهێزتر دەبێت، و پێویستییان بۆ لایەنەکانی هزری و ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی پڕتر دەکاتەوە.

دووەم: خۆ ڕۆشنبیرکردنی باوان[٣٥]: تا ئاستی ڕۆشنبیری و شارەزایی باوان بەرزتربێت لە هەر سێ لایەنەکە، باشتر پێویستی نەوەکانیان پڕدەکەنەوە، چونکە (فاقد الشيء لا يعطيه) کەسێک شتێکی نەبێت نای بەخشێت.

سێیەم: پەروەردەی ئایینی[٣٦]: پەروەردەیەکی جوانی ئایینی منداڵان بە پارێزەری سەلامەتی ڕەوشتیان دادەنرێت، و دەبێتە ئەو چوارچێوەیەی کە ڕێڕەوی ژیانیان ڕێکدەخات.

## تێڕوانینێکی مەقاسیدی بۆ گرینگی ئەو سێ لایەنە:

"لە مەقاسیدە گشتیەکانی ناردنی پێغەمبەران؛ بریتیە لە فێرکردن و ڕێنمونی کردن و پاککردنەوەی خەڵکی"[٣٧]، بەدڵنیاییەوە خودا منەتی نا بەسەر باوەڕداران، هەر لەخۆیان پەیامبەرێکی بۆ ناردن، کە ئایەتەکانی خوایان بەسەردا دەخوێنێتەوە، و دڵ و دەرونیشیان لە ئاکارە خراپەکان پاک دەکاتەوە، و فێری قورئان و حیکمەتیان دەکات، بێشک بەرلەهاتنی سەرلێشێواو بوون. وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (إنما بعثت لأتمم صالح الأخلاق)[٣٨] واتە: من نێردراوم بۆ تەواوکردنی باشترینی ڕەوشتەکان.

بێگومان سەلامەتی منداڵ لە روی هزری و ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی لە مەقاسیدە باڵاکانی شەریعەتە، بۆ ئەوەی نەوەیەکی خاوەن بیروباوڕ بەهێز و ڕەوشت بەرز و پارێزەری بەها کۆمەڵایەتیەکان لە نێو کۆمەڵگادا پەروەردە ببێت، جا بەئاستی یەکەم خێزان لەم ئەرکە بەرپرسیارە، و پێویستە لێنەگەڕێت هیچ بۆ شاییەک دروست ببێت لەو لایەنانە، بۆ ئەوەی نەوەکانیان نەبێتە نێچیری پێگە و گروپە ئەلیکترۆنیەکان.

## باسی چوارەم: پێگەیاندن و چاودێریکردن لەسەر بەکارهێنانی ئامێرەکانی تەکنۆلۆژیا

لە ئێستادا تەکنۆلۆژیا بوەتە بەشێکی جیانەکراوە لە ژیانی تەواوی خەڵکی، بەتایبەت نەوەی نوێ؛ کە لەسەرەتایی تەمەنیانەوە تێکەڵ بەو جیهانە دەبن، و بەشێک لە داهاتوویان پەیوەست دەبێت بە ئاستی زیرەکی و شارەزاییان لەو ئامێرانە، لێرەدا گرینگی ڕۆڵی خێزان دەردەکەوێت لەلایەک لەڕووی پێگەیاندنەوە بۆ ئەوەی نەوەکانیان بێبەش نەبن لەسوودەکانی، و لە کۆمەڵگای دەوروبەریان دانەبڕێن، و لەلایەکی تر لەڕووی چاودێری کردنی و پاراستنیانەوە بۆئەوەی دوور بن لە زیانەکانی.

لێرەدا بە پوختی باسی گرینگترینی ئەو ئامێرانە دەکەین، لەگەڵ شێوازی پێگەیاندن و چاودێری کردنی منداڵان لەکاتی بەکارهێنانیدا:

### گرینگترینی ئامێرەکان:

موبایل و ئایپاد لە ئێستادا لەهەموو ئامێرەکانی تر خێراتر تێکەڵ بە ژیانی منداڵ دەبێت، لەبەر ئاسانی بەکارهێنان و گواستنەوە و پەیوەندی کردن و بەستنەوەی بە ئینتەرنێت، و هەبوونی دەیان بەرنامەی منداڵان بەتایبەت یاریە ئەلیکترۆنیەکان[٣٩]. دواتر تەلەفزیۆن کەلە زۆرێک لە ماڵەکان زیاتر لە دانەیەک بوونی هەیە، و زۆربەی کاتەکان لەکاردایە، ئەمەش وای کردوە منداڵان خووی پێوە بگرن، و کاتێکی زۆر بەدیاریەوە دابنیشن[٤٠]. پاشان یاریە ئەلیکترۆنیەکان بەشێک لە ژیانیان داگیر دەکات بەهۆی ئەو چێژەی لە کاتی یاریکردن بەدەستی دەهێنن. لەهەمان کاتدا ئینتەرنێت ڕۆڵێکی کارای دەبێت کاتێک هەریەک لە ئامێرەکان دەبەسترێت پێیەوە، و حەزی بەکارهێنان لە لایان زیاد دەکات. بەلام کۆمپیوتەر درەنگتر تێکەڵ بەژیانیان دەبێت لەبەر کەمی پێویستیان بۆی.

### شێوازی پێگەیاندن:

لە راسپاردەکانی (ئەکادیمیای ئەمریکی بۆ پزیشکی منداڵان APP)[٤١] سەبارەت بە بەکارهێنانی میدیا بەهەموو جۆرەکانی لەلایەن منداڵانەوە، چەند ئامۆژگاریەکی گرینگ هاتووە کە ڕۆڵی پەروەردەیی خێزان دەخاتە روو کە ئەمانەن:

یەکەم: منداڵانی تەمەن خوار ١٨ مانگ بەدووربگیرێن لە شاشەی میدیا، و ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان 24-18 مانگیدایە پێویستە لەسەر ئەو باوانەی ڕێگە بە منداڵەکانیان دەدەن بە تەماشا کردن؛ بەرنامەی کوالێتی بەرز هەڵبژێرن بۆیان، و لەگەڵیان دابنیشن بۆ ئەوەی هاوکاریان بن لە تێگەیشتن لەوەی کە دەیبینن.

دووەم: ئەو منداڵانەی تەمەنیان لە نێوان ٢-٥ ساڵیدایە، کاتی بەکارهێنانی شاشەیان بۆ دیاری بکرێت کەلە کاتژمێرێک زیاتر نەبێت بۆ بەرنامەی کوالێتی بەرز، هاوکات واپێویست دەکات لەسەر باوان هاوبەشی بکەن لەگەڵیاندا لە جێبەجێ کردنی ئەوەی کە دەیبینن لەسەی جیهانی دەورووبەریان.

سێیەم: بۆ منداڵانی تەمەن سەروو ٦ ساڵ، پێویستە باوان سنورێکی دیاریکراو و جێگیر دابنێن بۆیان لەسەر ئەوکاتەی کەوا بەسەری دەبەن لە بەکارهێنانی جۆرەکانی میدیا، لەگەڵ ئەوەشدا دڵنیاببنەوە لەوەی ئەو ئامێرانە جێگای خەوی پێویست، و چالاکی لاشەیی، و ئەو هەڵسوکەوتانە ناگرێتەوە کە پێویستە بۆ تەندروستی لاشە.

چوارەم: چەند کاتێکی دوور لە میدیا تەرخان بکە بۆیان، وەک خوانی ئێوارە، شوفێری کردن، لە هەمان کاتدا لە ماڵەوەش، وەک: لە ژووری نوستن.

پێنجەم: سوودمەند ببە لە پەیوەندی بەردەوام لەگەڵیان بە باسکردنی هاونیشتیمانیبوون و پارێزراوبوون لە بەکارهێنانی ئینتەرنێت؛ و لەناو ئەوەشدا باسی شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ یەکدا بەرێزەوە بکە لە ڕێگای ئینتەرنێت و دەرەوەی ئینتەرنێت.

## چاودێری کردن لەکاتی بەکارهێناندا:

ئامانج لە پرۆسەی چاودێری باوان لەسەر منداڵەکانیان لە کاتی بەکارهێنانی هەریەک لە ئامێرەکان، و بەتایبەتی کاتێت پەیوەست دەکرێن بە ئینتەرنێت-چونکە ئاسۆی گەیشتن بە پەیوەندی و زانیاریەکان بەتایبەت وێنە و ڤیدۆ و پێگە ئەلیکترۆنیەکان بەرفراوانتر دەکات- بریتیە لە دڵنیابوون لەوەی کە منداڵەکان لە شوێنەواری نەرێنی تەکنۆلۆژیا پارێزراون و بەشێوەیەکی دروست بەکاری دەهێنن.

**چەند ڕێنماییەک[٤٢]:**

پێویستە باوان شارەزایی پێویست پەیدابکەن لەسەر تەکنۆلۆژیا، تا شێوازەکانی چاودێری کردن جێبەجێ بکەن لەسەر ئامێری منداڵەکانیان، لە ئێستادا بەشێکی زۆری ئامێرە زیرەکەکان و بەرنامەکان بەشی تایبەت بە منداڵانی تێدایە، کە ئەمەش هاوکارێکی باشی باوان دەبێت بۆ پرۆسەی چاودێری کردن، بەشێوەیەک کەدەتوانێت چاودێری تەواوی چالاکیەکانی بکات لە سەر ئینتەرنێت، لەگەڵ ئەوەشدا پێویست دەکات دانیشتنی خێزانی ئەنجام بدەن لەسەر جوان بەکارهێنانی و خۆپاراستن لە زیانەکان تەکنۆلۆژیا، و پەیوەندی دۆستانە دروست بکەن لەگەڵ منداڵەکانیان تا لەنزیکەوە ئاگەداری ئەو کێشانە بین کەلە ڕێگای ئینتەرنێت توشیان دەبێت.

لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت خێزانەکان لەوە تێبگەن پرۆسەی چاودێری کردن بە بێ پەروەردە کردنێکی دروست ئامانجی خۆی ناپێکێت، چونکە ناتواندرێت لە هەموو کاتەکان چاودێری تەواوی منداڵان بکرێت -بەتایبەت کاتێک لەدەرەوەی ماڵ دەبن لە قوتابخانە و لەگەڵ هاوڕێکانیان-، دواتر ئەو منداڵانە گەورە دەبن و سەربەخۆیی زیاتر وەردەگرن.

## لێکدانەوەی مەقاسدی بۆ ئەم باسە:

"بەرزترین مەقسەدی قورئانی پیرۆز بریتیە لە باشکردنی تاک و کۆمەڵ و ئاوەدانکردنەوە"[٤٣]، هەر لەم روانگەیەوە خودا فەرمان بە باوان دەکات خانەوادەکەیان بپارێزن لە هەر ڕێگایەک کە بیان گەیەنێتە ئەنجامێکی خراپ.

وە زانایان فەرموویانە (للوسائل حكم المقاصد)[٤٤] ڕێگاکان هەمان حوکمی ئامانجەکانیان هەیە، واتە هەر ڕێگایەک بتگەیەنێت ئامانجێکی باش و پێویست، ئەوە ئەو ڕێگایە گرتنە بەری پێویستە، و بەپێچەوانەیشەوە. هەر بۆیە شەرعەن پێویستە خێزانەکان تەواوی ئەو ڕێگایانە بگرنەبەر، کە دەبێتە هۆی پاراستی نەوەکانیان لە زیانی ئامێرەکانی تەکنۆلۆژیا، و پەروەردەکردنیان بۆ ئەوەی لەلایەک سوودمەندبن لەو ئامێرانە و بتوانن داهاتووێکی گەشیان هەبێت تێیدا، و لەلایەکی تر نەبنە قوربانی زیانەکانی.

## دەرئەنجام:

١- هەبوونی چەندین ڕێگر لەبەردەم بوونیادنانی خێزانێکی وشیار لە نێو کۆمەڵگای کوردی.

٢- لە ئێستادا تەکنۆلۆژیا پانتاییەکی گەورە پێکدێنێت لە ژیانی خێزانەکان، وە ڕێژەی زۆری دانیشتوانی کوردستان بەکارهێنەری ئینتەرنێتن.

٣- لەو ڕووەوەی کە تەکنۆلۆژیا ئامانج تێیدا خزنەتکردنە بە مرۆڤایەتی بەتەواوی یەکدەگرێتەوە لەگەڵ مەقاسیدی شەریعەت.

٤- خێزان ڕۆڵێکی کارای هەیە لە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی نەوەکانی داهاتوو.

**ڕاسپاردەکان:**

١- کردنەوەی خولی وشیاری و ڕۆشنبیری بۆ خێزانەکان.

٢- هاوکاری کردنی خێزان بۆ سەرکەوتنی لەم پرۆسەیەدا، لەلایەن ناوەندەکانی خوێندن و ڕاگەیاندنەکان و وەزارەتەکان حکومەت.

٣- ئەنجامدانی کۆنفرانسی تایبەت لەسەر (منداڵ لەجیهانی تەکنۆلۆژیدا).

## لیستی سەرچاوەکان:

### سەرچاوە کوردیەکان:


١. أحمد کاکە محمود، تەفسیری رامان، چاپی یەکەم، نەشری ئیحسان، تهران-ئێران، ٢٠٠٧.

٢. خالید ئێرتوغروڵ، پەروەردەی منداڵ لە نێو خێزان و قوتابخانەدا، وەرگێڕانی: پەیام عوسمان، چاپی دووەم، ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا، سلێمانی-کوردستان، ٢٠١٨.

٣. ڕۆژ عەبدوڵڵا شەریف، محەمەد عەبدوڵڵا کەلاری، تەلەڤزیۆن و کەسایەتی منداڵ، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، هەولێر-کوردستان، ٢٠١٤.

٤. یوسف عوسمان حەمەد، پەروەردەکردنی منداڵ، گفتوگۆ و ئامادەکردن: ئاری ئاغۆک، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی-کوردستان.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

١. إبراهيم بن موسى الشاطبي، الوافقات، تحقيق: أبو عبيدة مشهور بن حسن، الطبعة الأولى، دار ابن عفان، الخبر-السعودية، ١٩٩٧

٢. أحمد الريسوني، الفكر المقاصدي قواعده وفوائده، الطبة الثالثة، دار الكلمة، القاهرة-مصر، ٢٠١٤.

٣. أحمد الريسوني، نظرية المقاصد عند الإمام الشاطبي، الطبعة الرابعة المعهد العالمي للفكر الإسلامي، فيرجينيا-أمريكا، ١٩٩٥.

٤. أحمد زكي بدوي، معجم مصطلحات العلوم الاجتماع، مكتبة لبنان، بيروت-لبنان، ١٩٨٢.

٥. جاد سعادة، سلامة الأطفال على الإنترنت، المركز التربوي للبحوث والإنما، ص١٤-١٩ https://crdp.org

٦. عبد الكريم بكار، أولادنا ووسائل التواصل الاجتماعي، الطبعة الأولى، دار وجوه، الرياض-السعودية، ٢٠١٧.

٧. عبد الكريم بكار، مسار الأسرة، الطبعة الرابعة، دار السلام، القاهر-مصر، ٢٠١٧.

٨. عبدالرحمن بن حسن، أمين بن عبدالله، عناية الإسلام بصحة الإنسان، الطبعة الأولى، شبكة الآلوكة، ٢٠١٩.

٩. عز الدين عبد العزيز بن عبد السلام، قواعد الأحكام في مصالح الأنام، مكتبة الكليات الأزهرية، القاهرة-مصر، ١٩٩١.

١٠. على القائمي، تربية الطفل دينيا و أخلاقيا، الطبعة الأولى، مكتبة فخراوي، المنامة-البحرين، ١٩٩٥.

١١. قسماس صبرينة ومعطاوي موسى، تأثير الهاتف الذكي على الاتصال الأسري، رسالة ماجستير في جامعة الجيلالي بونعامة، ٢٠١٨.

١٢. محمد الطاهر ابن عاشور، التحرير والتنوير، الدار التونسية، تونس، ١٩٨٤،

١٣. محمد بن إسماعيل البخاري، الجامع الصحيح المختصر، تحقيق: مصطفى ديب البغا، الطبعة الثالثة، دار ابن كثير، اليمامة-بيروت.

١٤. محمد بن علي الشوكاني، فتح القدير الجامع بين فني الرواية والدراية من علم التفسير، الطبعة الأولى، دار ابن كثير، دمشق-سوريا، ١٤١٤هـ

١٥. محمد بن عيسى الترمذي، سنن الترمذي، تحقيق: بشار عواد معروف، دار الغرب الإسلامي، بيروت-لبنان، ١٩٩٨.

١٦. محمد عاطف غيث، قاموس علم الاجتماع، دار المعرفة الجامعية، إسكندرية-مصر، ١٩٩٠.

١٧. مركز الدراسات الاستراتيجية، أثر معطيات ومظاهر مجتمع المعرفة على الطفل صحيا واجتماعيا ونفسيا، جامعة الملك عبد العزيز، الرياض-السعودية، ٢٠١٢.

١٨. مكتب الأمم المتحدة المعني بالمخدرات والجريمة، دليل بشأن الأطفال الذين تجندهم وتستغلهم الجماعات الإرهابية و الجماعات المتطرفة العنيفة: دور نظام العدالة، مكتب الأمم المتحدة، فينيا-النمسا، ٢٠١٨.

١٩. نجلا عبدالرحمن، العولمة وأثرها على التنشئة الاجتماعية، مقالة منشورة في مجلة Route Educational and Social Science Journal، عدد٥، مجلد٦، ٢٠١٨.

٢٠. هدى محمود الناشف، الأسرة وتربية الطفل، الطبعة الثانية، دار المسيرة، عمان-الأردن، ٢٠١١.

٢١. يوسف القرضاوي، الوقت في حياة المسلم، الطبعة الخامسة، مؤسسة الرسالة، بيروت-سوريا، ١٩٩١

٢٢. يونيسف لكل طفل، ملخص الأطفال في العالم الرقمي، شعبة الاتصال التابعة لليونيسف، ٢٠١٧.

**پێگە ئەلکترۆنیەکان:**

١. آلاء ماضي، بحث عن الأجهزة الذكية وأنواعها، موقع الموسوعة العربية الشاملة: https://www.mosoah.com

٢. أيمن حسان، دور مواقع التواصل الاجتماعى فى نشر الفكر المتطرف، موقع المركز الأوروبي: https://www.europarabct.com

٣. فاطمة البريكي، بناء الأسرة..بناء المجتمع، موقع البيان: https://www.albayan.ae/opinions/2005-10-06-1.105125

٤. موقع (يونيسف لكل طفل): https://www.unicef.org/arabic/crc/files/crc_arabic.pdf

٥. هالة أحمد أثر التكنولوجيا في الصحة وحلول وقائية هامة موقع موقع سيدتي: https://www.sayidaty.net

٦. وێبسایتی وەزارەتی ناو: http://www.moi.gov.krd

7. american heritage dictionary: https://ahdictionary.com/word/search.html?q=technology

8. APP: American Academy of Pediatrics Announces New Recommendations for Children's Media Use: https://www.aap.org

ئینگلزیەکان: https://wearesocial.com/blog/2019/01/digital-2019-

1. Collin, simon (2007): Dictionary of Science and Technology, global-internet-use-accelerates

2. Look: Jim Fruchterman, (2004): Technology benefiting humanity. Ubiquity website: https://ubiquity.acm.org/article.cfm?id=985620

## سەرچاوە

1. London.

Daniel Kardefelt-Winther, (2017): How does the time children spend using digital technology impact their mental well-being, social relationships and physical activity? An Evidence-Focused literature review. UNICEF Office of Research – Innocenti, Florence

## پەراوێزەکان:

[١] محمد عاطف غيث، قاموس علم الاجتماع، دار المعرفة الجامعية، إسكندرية-مصر، ١٩٩٠، ص١٧٦.

[٢] بروانە: هدى محمود الناشف، الأسرة وتربية الطفل، الطبعة الثانية، دار المسيرة، عمان-الأردن، ٢٠١١، ص١٣

[٣] أحمد زكي بدوي، معجم مصطلحات العلوم الاجتماع، مكتبة لبنان، بيروت-لبنان، ١٩٨٢، ص٥٨.

[٤] بروانە: موقع (يونيسف لكل طفل): https://www.unicef.org/arabic/crc/files/crc_arabic.pdf شوهد بتاريخ 1-٩-٢٠١٩.

[٥] american heritage dictionary: https://ahdictionary.com/word/search.html?q=technology seen on 2-9-2019.

[٦] Collin, simon (2007): Dictionary of Science and Technology, London, p598.

[٧] أحمد الريسوني، نظرية المقاصد عند الإمام الشاطبي، الطبعة الرابعة المعهد العالمي للفكر الإسلامي، فيرجينيا-أمريكا، ١٩٩٥، ص١٩.

محمد الطاهر ابن عاشور، التحرير والتنوير، الدار التونسية، تونس، ١٩٨٤،

[٨] بروانە: عز الدين عبد العزيز بن عبد السلام، قواعد الأحكام في مصالح الأنام، مكتبة الكليات الأزهرية، القاهرة-مصر، ١٩٩١، ج٢، ص١٨٩. إبراهيم بن موسى الشاطبي، الموافقات، تحقيق: أبو عبيدة مشهور بن حسن، الطبعة الأولى، دار ابن عفان، الخبر-السعودية، ١٩٩٧، ج٢، ص٩.

[٩] بروانە: فاطمة البريكي، بناء الأسرة..بناء المجتمع،(٦-١٠-٢٠٠٥) موقع البيان: https://www.albayan.ae/opinions/2005-10-06-1.105125 شوهد بتاريخ ٣-٩-٢٠١٩.

[١٠] بڕوانە: عبد الكريم بكار، أولادنا ووسائل التواصل الاجتماعي، الطبعة الأولى، دار وجوه، الرياض-السعودية، ٢٠١٧، ص٧٤.

[١١] بڕوانە: عبد الكريم بكار، مسار الأسرة، الطبعة الرابعة، دار السلام، القاهر-مصر، ٢٠١٧، ص٦.

[١٢] خالید ئێرتوغرول، پەروەردەی منداڵ لە نێو خێزان و قوتابخانەدا، وەرگێڕانی: پەیام عوسمان، چاپی دووەم، ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا، سلێمانی-کوردستان، ٢٠١٨، پ٦.

[١٣] بڕوانە: عبد الكريم بكار، أولادنا ووسائل التواصل الاجتماعي، ص١١.

[١٤] یوسف عوسمان حەمەد، پەروەردەکردنی منداڵ، گفتوگۆ و ئامادەکردن: ئاری ئاغۆک، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی-کوردستان، ٢٠١٩، پ57.

[١٥] https://wearesocial.com/blog/2019/01/digital-2019-global-internet-use-accelerates seen on 7-9-2019.

[١٦] يونيسف لكل طفل، ملخص الأطفال في عالم الرقمي، شعبة الاتصال التابعة لليونيسف، ٢٠١٧، ص٢١.

[١٧] بڕوانە: وێبسایتی وەزارەتی ناو: http://www.moi.gov.krd تەماشاکراوە لە 2-9-2019.

[١٨] بڕوانە: ڕۆژ عەبدوڵلا شەریف، محەمەد عەبدوڵلا کەلاری، تەلەڤزیۆن و کەسایەتی منداڵ، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، هەولێر-کوردستان، ٢٠١٤، پ٢٦و١٢٦. و جاد سعادة، سلامة الأطفال على الإنترنت، المركز التربوي للبحوث والإنما، ص١٤-١٩ https://crdp.org. و مركز الدراسات الاستراتيجية، أثر معطيات ومظاهر مجتمع المعرفة على الطفل صحيا واجتماعيا ونفسيا، جامعة الملك عبد العزيز، الرياض-السعودية، ٢٠١٢، ص٧٤. و عبد الكريم بكار، أولادنا ووسائل التواصل الاجتماعي، ص٣٥.

[١٩] بڕوانە: عبد الكريم بكار، أولادنا ووسائل التواصل الاجتماعي، ص١٤.

[٢٠] عزالدين عبدالعزيز عبدالسلام، قواعد الأحكام في إصلاح الأنام، ج١، ص٨.

[٢١] Look: Jim Fruchterman, (2004): Technology benefiting humanity. Ubiquity website: https://ubiquity.acm.org/article.cfm?id=985620 seen on 10-9-2019.

[٢٢] محمد بن إسماعيل البخاري، الجامع الصحيح المختصر، تحقيق: مصطفى ديب البغا، الطبعة الثالثة، دار ابن كثير، اليمامة-بيروت، كتاب: العتق، باب: كراهية التطاول على الرقيق وقوله عبدي وأمتي، رقم الحديث: ٢٤١٦، ج٢، ص٩٠١.

[٢٣] Look: Jim Fruchterman, (2004): Technology benefiting humanity. Ubiquity website: seen on 5-9-2019. https://ubiquity.acm.org/article.cfm?id=985620

[٢٤] محمد بن عيسى الترمذي، سنن الترمذي، تحقيق: بشار عواد معروف، دار الغرب الإسلامي، بيروت-لبنان، ١٩٩٨، كتاب: صفة القيامة والرقائق والورع، باب: في القيامة، رقم الحديث: ٢٤١٧، ج٤، ص١٩٠.

[٢٥] پێشتر تەخریج کراوە: بڕوانە پەراوێزی (٢٣).

[٢٦] بڕوانە: يوسف القرضاوي، الوقت في الحياة المسلم، الطبعة الخامسة، مؤسسة الرسالة، بيروت-سوريا، ١٩٩١، ص٢٥.

[٢٧] Daniel Kardefelt-Winther, (2017): How does the time children spend using digital technology impact their mental well-being, social relationships and physical activity? An Evidence-Focused literature review. UNICEF Office of Research – Innocenti, Florence. P19.

[٢٨] بڕوانە: عبد الكريم بكار، أولادنا ووسائل التواصل الاجتماعي، ص٥٧. و هالة أحمد أثر التكنولوجيا في الصحة وحلول وقائية هامة موقع موقع سيدتي: https://www.sayidaty.net شوهد في ٢٠١٩-٩-٦. و مركز الدراسات الاستراتيجية، أثر معطيات ومظاهر مجتمع المعرفة على الطفل صحيا واجتماعيا ونفسيا، ص٢٩.

[٢٩] عبدالرحمن بن حسن، أمين بن عبدالله، عناية الإسلام بصحة الإنسان، الطبعة الأولى، شبكة الآلوكة، ٢٠١٩، ص١٧١.

[٣٠] البخاري، الجامع الصحيح المختصر، كتاب: الرقاق، باب: ما جاء في الصحة والفراغ وأن لا عيش إلا عيش الآخرة، رقم الحديث: ٦٠٤٩، ج٥، ص٢٣٥٧.

[٣١] بڕوانە: مكتب الأمم المتحدة المعني بالمخدرات والجريمة، دليل بشأن الأطفال الذين تجندهم وتستغلهم الجماعات الإرهابية و الجماعات المتطرفة العنيفة: دور نظام العدالة، مكتب الأمم المتحدة، فينيا-النمسا، ٢٠١٨، ص١٣. و أيمن حسان، دور مواقع التواصل الاجتماعى فى نشر الفكر المتطرف، موقع المركز الأوروبي: https://www.europarabct.com شوهد في ٢٥-٩-٢٠١٩.

[٣٢] بڕوانە: عبد الكريم بكار، أولادنا ووسائل التواصل الاجتماعي، ص٤١.

[٣٣] بڕوانە: نجلا عبدالرحمن، العولمة وأثرها على التنشئة الاجتماعية، مقالة منشورة في مجلة Route Educational and Social Science Journal، عدد٥، مجلد٦، ٢٠١٨، ص٩٥٣.

[٣٤] بڕوانە: عبد الكريم بكار، أولادنا ووسائل التواصل الاجتماعي، ص٧٨.

[٣٥] بڕوانە: نجلا عبدالرحمن، العولمة وأثرها على التنشئة الاجتماعية، ص٩٦٣.

[٣٦] بڕوانە: على القائمي، تربية الطفل دينيا و أخلاقيا، الطبعة الأولى، مكتبة فخراوي، المنامة-البحرين، ١٩٩٥، ص٥٠.

[٣٧] أحمد الريسوني، الفكر المقاصدي قواعده وفوائده، الطبة الثالثة، دار الكلمة، القاهرة-مصر، ٢٠١٤، ص٢٢.

[٣٨] محمد بن إسماعيل البخاري، الأدب المفرد، تحقيق: محمد فوائد عبدالباقي، الطبعة الثالثة، دار البشائر الإسلامية، بيروت-لبنان، ١٩٨٩، رقم الحديث: ٢٧٣، ج١، ص١٠٤.

[٣٩] بڕوانە: قسماس صبرينة ومعطاوي موسى، تأثير الهاتف الذكي على الاتصال الأسري، رسالة ماجستير في جامعة الجيلالي بونعامة، ٢٠١٨، ص٩٩ . و آلاء ماضي، بحث عن الأجهزة الذكية وأنواعها، (٢٧-١١-٢٠١٨) موقع الموسوعة العربية الشاملة: https://www.mosoah.com شوهد في ٢٠١٩-٩-١٥.

[٤٠] بڕوانە: ڕۆژ عەبدوڵلا شەریف، محەمەد عەبدوڵلا کەلاری، تەلەڤزیۆن و کەسایەتی منداڵ، پ٣٢.

[٤١] APP: American Academy of Pediatrics Announces New Recommendations for Children's Media Use (٢٠١٦): https://www.aap.org seen on 20-9-2019.

[٤٢] بڕوانە: جاد سعادة، سلامة الأطفال على الإنترنت، ص١٥٥.

[٤٣] محمد الطاهر ابن عاشور، التحرير والتنوير، الدار التونسية، تونس، ١٩٨٤، ج١، ص٣٨.

[٤٤] أحمد الريسوني، الفكر المقاصدي قواعده وفوائده، ص٨١.